# عێراق و بەڕێوەبردنی*

ئەم وتارە نە بە شێوەیەکی زانستی زۆر قووڵ، بەلام بە شێوەیەکی"مەکرو" و زۆر سادە باسی ئەم خاڵانە دەکەت: بەڕێوەبردن چییە و چەند جۆری هەیە و کامیان دەسەڵاتدارە لە عێراق؟ بەڕێوەبردن لە عێراقدا چۆن بوویە پێش و دوای ڕووخانی سەدام و تایبەتمەندیەکانی؟ چەند پرسیار وخاڵی گرنگ بو عێراق، وشەیەکی کورت لە سەر ئەنقەرە، قەندیل، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست1 و ئەنجامی ئەم وتارە.
ئەم بابەتە بابەتەکی زۆر فرە و قووڵە و خاوەنی ئێڤۆلوسیونیزم وتایبەتمەندیەکانی تایبەتی خۆیە لە زەمان و مەکاندا. لە ناو کۆمەڵگایەکی چەند سەد سال پێشدا ئەم کونسێپتە، کونسێپتەکی زۆر سادە بو و وردە وردە لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و کۆمەڵگا ئەم کونسێپتە قووڵتر و فرەتر بوویە. لێرەدا باسی کونسێپتەکانی جیاوازی بەڕێوەبردن (ئابوری، شەخسی، دادپەروەری، ئەمنی، گشتی، میدیای، تەندروستی، پەروەردەی، دارایی، کەلتووری Directif, participatif, stratégique,یان بەڕێوەبردنەکی باش، ڕێکوپێک...هتد)، بە شێوازەکی زۆر قۆول ناکەین. ئەم کونسێپتە زۆر نزیکی کونسێپتەکانی ترە وەک:gestion، حوکمڕانی،...هتد.
بە کورتی و زۆر سادە: جێبەجێکردن و بەکارهێنانی فکر، هزر کردن و مەوادی مادی جیاواز(کۆمەڵێک شێوازی ڕێکخستن، زانین،...هتد)، بەپێی بڕیارەکانی دەسەلات لە ناو: ڕێکخراو، حزب، دەوڵەت، کۆمپانیا، گوند، شار، هێزی ئەمنی،...هتد، و ئەمە بۆ ئەنجامێکی باش. ئەم پرۆسەیە لە چەند خاڵێک پێکهاتووە وەک: ئاشکرا کردنی ئامانجەکان، چاودێری جێبەجێکردنی ئەم کارە، هەڵبژاردنی باشترین ئامرازەکان،...هتد، و لایەنی فکری دەسەلاتدارە لە سەرلایەنی مادیدا. سنوورەکانی ئەم کونسێپتە لێڵ، نادیار و دەتوانی بۆ زۆر شت بەکاری بهێنیت.
چەند پرسیار وخاڵی گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:"بەڕێوەبردنی عێراق لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا چۆن بوویە؟ ئایا دەوڵەتی عێراق کە تا ڕادەیەکی زۆر لە دژی کۆمەڵگاکەی بنیات نرابوو و کێشراوە ناو تائیفییەتەکی سیاسی دانپێدانەنراوی زۆر پیس خاوەنی ئێڤۆلوسیونیزمەکی باشی بەڕێوەبردن بوویە؟ دەتوانی مێژووی بەڕێوەبردنی عێراق دابەش بکەیت بۆ چەند بەشێک تا ئێستا وەک: لە سالی ١٩٣٢ تا ١٩٥٨، لە ١٩٥٨ تا ١٩٧٠، لە ١٩٧٠ تا ٢٠٠٣ و لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٢٢. بێگومان خاڵەکانی هاوبەشی بەڕێوەبردن کە درێژخایەنن وتا ئێستاش هەر بەردەوامن زیاترن لە جیاوازییەکان. چەند تایبەتمەندی و خاڵەکانی هاوبەشی بەڕێوەبردنی عێراقی لە دوای دروستبوونی تا ئێستا: - ویژدانەکی جیاوازی سیاسی، ئابوری، ئایینی، پێشکەوتن، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، تەندروستی،...هتد، زۆر زۆر نزم نەزان کە

**Ne participe pas avec l'esprit du 'temps'.**

- نەبوونی بەرژەوەندیی گشتی، بەهێزبوونی تائیفییەت و دەسەڵاتی دیکتاتۆري یان میلیشیای، بەرژەوەندیی حزبی،...هتد. - بەهێزکردنی کولتوری ژێردەست کردنی کۆمەڵگا، کوشتن و جینوسایدی جیاواز، گەندەڵی بێ سنوور، ستەم و زوڵموزوری، تێکدانی فەزای گشتی،...هتد. - بەڕێوەبردن وەک 'هێز و دەسەڵات' شتێکی پیرۆز، موقەدەسە. = کۆیلەی پارە، پلە، پۆست و خۆپەرستیەکی بێ سنوور. - بەردەوام بوونی بازرگانی و یاریکردنەکی زۆر پیس و شارەزا بە شێوەکانی جیاواز بە جەماوەری شیعە، کورد، سوننە و مەسیحی. - بە شێوەکان و دەرسەدی جیاواز بەڕێوەبردن لە خزمەتکردنی ئەکتەری دەولی خارجی دابوویە. - بەڕێوەبردنی عێراقی کارەسات و بەڵای گەورەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، جینۆساید، شەڕی داخلی و خارجی، تالانکردنی جیاوازی سەروەت و سامانی عێراق،...هتد، بو شیعە، کورد، سوننە و مەسیحی دروست کردووە کە ئێستاش هەر بەردەوامە. - بێ توانایی و سەقەت بوونی بەڕێوەبردنی عێراقی لە دروستکردنی موئەسەسات و ڕێکخراوەکانی ڕاستەقینەی حکوومی. - بەڕێوەبردن لە عێراقدا = کۆپیکردنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای غەربی بەڵام بە شێوەیەکی زۆر نەزان، سەقەت و پێکهاتەکانی: توندوتیژی و شەڕی جیاوازی داخلی و خارجی، تالانکردنی سەروەت و سامانی عێراق، حەیوان و میلیشیا کردنی کۆمەڵگا، یاسا کردنی2 دزی و گەندەڵی سیاسی، دینی، ئابوری، ئەمنی، پەروەردەیی، تەندروستی، میدیایی،...هتد، بە شێوەیەکی ئەستونی و ئاسۆیی. - ...هتد. - ژیانی سیاسی بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی و دینی...هتد، ژیانەکی تایبەت( ئاسوودەیی، دەوڵەمەندی)، و درێژخایەنە کە بە بەردەوامی کاریگەرەکی پیس و خراپ لە سەر هەموو کۆمەڵگا هەیە. - خانەنشین بوون بۆ ئەوان بوونی نییە. - کۆمەڵگای عێراقی فێری ئەم بابەتانە بووە کە زۆر پیس چەسپاون. -...هتد. =

**Iraq is structurally deprived of all sovereignty.**

هەندێک جیاوازی لە بەڕێوەبردنی عێراقدا پێش و دوای ڕووخانی سەدام: - فۆرمی بەڕێوەبردن گۆڕاوە، لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ میلیشیاکان و عەشیرەت گەری دینی و تائیفی. - لە یەک بەڕێوەبردن بۆوتە بە چەندین بەڕێوەبردنی جیاوازی ئابوری، ئەمنی، دینی، سیاسی،...هتد. - کاریگەری ئەکتەرە بیانییەکان زیاتر بووە بە شێوەکانی جیاواز. = بەڕێوەبردنەکی شانۆگەری عێراقی ئاشکراترە. - ...هتد.
چەند پرسیار کە دەبێت کۆمەڵگای عێراقی لە خۆی بکات: - بۆ بەڕێوەبردن بە شێوەیەکی زۆر بە هێز دژی کۆمەڵگا و جەماوەرە(شیعە، سوننە، کورد و مەسیحی) لە زەماندا.؟ سەرەڕای دیکتاتۆریەتی سەدام، شەڕی داخلی و خارجی، تاڵانکردنی جیاوازی سەروەت و سامانی عێراق، جینوسایدی جۆراوجۆر، کوشتن و بریندار کردنی هەزاران خۆپیشاندەران، نارەزایی بۆونی کۆمەڵگا و گۆرینی چەندین حکومەتێک (لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا)،...هتد، بەڕێوەبردنی عێراق هەر وەک خۆیە و سابێتە؟ کەی جەماوەری شیعە، سوننە، کورد و مەسیحی ئاگادار دەبێتەوە کە بە شێوەیەکی بەردەوام، زۆر شارەزا و پرۆفیشناڵ، بەڕێوەبردنی عێراقی بازرگانی و یاریەکی زۆر پیس بە ئێوە دەکەت.؟ ئایا بارودۆخی ئیستای عێراق بە شێوەکانی جیاواز ئیسباتی ئەم خاڵانە ناکەت؟ کاتی ئەوە هاتووە کە عێراق خۆی رزگار کەت لەم بەڕێوەبردنی کۆیلایەتی و بە ویژدانەکی بەرزتر شیعە، سوننە، کورد و مەسیحی تەماشای خۆت، شار، گوند و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بیکەی."
ئایا بارودۆخی ئێستای عێراق بە شێوەیەکی ئابوری، سیاسی، ئەمنی، پیشەسازی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردەی، دارایی، دینی، different infrastructuresومونەسەسات...هتد، خۆی هاوار ناکەت کە چ جۆرە بەڕێوەبردنێک دەسەڵاتدارە؟ ناڕازیبوونی جەماوەری شیعە، کورد، سوننە و مەسیحی چەند دەرسەدە ٩٠ یان ٩٥%؟ دابەشکردنی جەماوەری سوننە، مەسیحی، کورد و شیعە لەنێوان حزبەکان چۆنە، بە چ شێوەیەکە، و ئەوە بەس بو بەردەوام بۆونی یاری و بازرگانی کردن و حەیوان کردنی کۆمەڵگایە. بێگومان بەڕێوەبردنەکی دزی و گەندەڵی شەرعی: دینی، تائیفی، ئابوری، میلیشیای، تاڵانکردن و کوشتن، جینوسایدی جیاواز، حەیوان کردنی کۆمەڵگا و خزمەت کردنی ئەکتەری دەوڵی خارجی،...هتد، دەسەڵاتدارە لە هەموو عێراقدا و لە هەمووی پیستر، ئەم بەڕێوەبردنە زۆر باش چەسپاوە لە ناو کۆمەڵگا دا."
ئەم بەڕێوەبردنی دزی، گەندەڵی وحەیوان کردنی جەماوەر داخلی هەموو سیستەمەکانی کۆمەڵگا بوویە وەک سیستەمی: تەندروستی، میدیای، ئەمنی، ئابوری، دینی، پەروەردە، ڕێگاوبان...هتد. وایە فلان ڕاگر یان نە کە تۆش خاوەنی ئیمتیازاتی وەک وەزیر و گوزیر، پێمان بڵێ چەند جۆر حەیوان کردنی قوتابی هەیە لە زانکو؟ بەڕێوەبردنی هێزەکانی ئەمنی، پاراستن، پۆلیس و پێشمەرگە چۆنە، حەیوان کردنی ئەم هێزانە بە چەند

شێوەکە؟ یان هەڵەی کە هەموو ڕۆژنامەنووس و چالاکوانان دەکەن مانای چییە = کلتوری فکر و هزر کردنی بەرپرسەکانی حزبی زۆر باش چەسپاوە لە ناو ئێوەدا = بەردەوام بوونی یاری

**Ego et mental.**

هوشیار بارزانی گووت:" دەتوانی بەڕێوەبردنی کوردستانی عێراق دابەش بکەیت بۆ چەند بەشێک وەک: لە سالی ۱۹۳۲ تا ۱۹۵۸، لە ۱۹۵۸ تا ۱۹۷۰، لە ۱۹۷۰ تا ۱۹۷۵، لە ۱۹۷۵تا۱۹۹۱، لە ۱۹۹۱تا ۲۰۰۳ و لە ۲۰۰۳ تا ۲۰۲۲. هەموو ئەم قۆناغانە جیاوازی، خاڵەکانی هاوبەش و تایبەتمەندیەکانی خۆیان هەیە، بە شێوەیەکی فکر، هزر کردن و ماددی. بە کورتی و زۆر سادە دەتوانین بڵێین کەبەڕێوەبردن لە کوردستانی عێراقدا تا ساڵی ۱۹۹۱ دینی، سادە، عەشایری، دیکتاتوریەتی بەغدا ولە ژێر دەسەڵاتی ئەکتەری غەیری دەوڵەی دابوویە. دوای دروست بوونی ناوچەی ئەمنی و ڕووخانی سەدام بەڕێوەبردنەکی تایبەت پەیدا بوکە چەند خاڵ ئیسبات دەکەت وەک: - بەڕێوەبردنەکی دوو ئیدارەی عەشایری، دیکتاتوری و میلیشیای کوردی وەک ئەکتەری غەیری دەولي (پارتی، یەکێتی، گۆڕان وئیسلامیەکانی کوردی...هتد)، کە ئێستاش هەر بەردەوامە. - پێکهاتەکانی فکری و هزر کردنی ئەم بەڕێوەبردنە دروست بوونە لە بانگەشە و بڵاوکردنەوەی کلتوری: سیخوڕیکردن، درۆکردن، گەندەڵی جۆراوجۆر، پەیدا کردنی ترس3، حەیوان کردنی کۆمەڵگا، تێکدانی کلتوری ناوخۆیی و تێکدانی شەخسییەتی ئینسان بە شێوەکانی جیاوازی سایکۆلۆجی و تەنانەت جەستەیش (وەک نموونە بە کارهینانی بۆتێکس کەئیسباتی ئەوە دەکەت کە لە داخلی خۆتەوە زۆر نزم و ڕزی بۆوی وایە یان نە، نەزان؛ فلان کەس دەڵێت بۆتێکس لە هەموو دونیا هەیە، عەقلیەتی تۆ پیرۆزمان بێت)،...هتد. - ئەنجامەکانی ماددی ئەم فکر وهزر کردنەوەی ئەم بەڕێوەبردنە نێگەتیڤن وەک: تاڵانکردنی سەروەت، سامان و دارایی شار، گوند، وڵات؛ کۆنتڕۆڵ و میلیشیا کردنی فەزای گشتی

**Différentes sortes de ressources** ، ناڕازیبوونی گشتی ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبێت و بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی و کەسوکاریان ڕۆژ بە ڕۆژ دەلەمەندتر دەبن...هتد. ئەم بەرپرسانە و کەسوکاریان چۆن لەئەم دوو سێ ڕۆژی دونیای حاڵی بوونە و چۆن زۆر پیس غەرق بوونە لە ناو دونیا و بازاری دزی، گەندەڵی، تاوان و تاڵانکردن،...هتد.= فکر و هزر دەکەن کە بەس ئەم دونیایە هەیە و مردن بۆ ئەوان نییە. پیرۆزتان بێت.

بێگومان لێکۆڵینەوەیەکی زور بچووک و ڕێکوپێکی مێژووی ئەم بەڕێوەبردنە، زۆر بە هێز ئەم خاڵانەی سەرەوە بۆومان ئێسبات دەکەت.

ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان بەڕێوەبردنی یەکێتی، گۆڕان، پارتی وئیسلامیەکانی کوردی، حزبی (حکومەتی هەرێم)،...هتد؟ دۆخی ئێستای کۆمەڵگا چی پیشان دەدات بە شێوەیەکی گشتی؟ ناڕازیبوونی کۆمەڵگای کوردی چەند دەرسەدە ۹۰ یان ۹۵% و بە چ شێوەیەکە؟ هیچ جیاوازییەکی بەڕێوەبردن بە شێوەیەکی عەمەلی لەنێوان حزبەکانی کوردیدا نییە. ئەگەر جیاوازییەک هەبێت بەس بە شێوەیەکی وەهم، خەون و خەیاڵە فلان کەس، کە بوویتە کۆیلەی فکر و هزر کردنەکی زۆر نزم کە بەس لە ژێر کۆنتڕۆڵی ویژدانی '۳۱د' دای و خارج نەبووی بە هیچ جۆرەک."

<u>ئەم دۆخەیە کە (کە سروشتی سەرکردە سیاسییەکان ئاشکرا دەکەت)، ڕۆژانە خراپتر و پیستر دەبێت و لە هەمان کاتدا ناڕازیبوون ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترە؛ لە بەرژەوەندی کەسدا نییە، تەنانەت ئەوانەی کە هەرگیز کیلۆیەک پیاز و تەماتەیان نەکڕیوە و تەنها دەزانن بخۆن. ئەگەر کۆمەڵگا یان فلان کەس چاوپێکەوتنێکی زۆر بچووک و بە ئاگای لەگەڵ یmental</u>

<u>خۆی بکەت چی بە ئێوە دەڵێت: ناتوانی هیچ بکەیت، پارە پێویستە، ناتوانین خۆمان لە ترس ڕزگار بکەین، ئێمە ڕاهاتووینە لەگەڵ ئەم دۆخەدا، هەموو شتێکت پێ دەڵێت بۆ ئەوەی کە هیچ نەکەی و هەر کۆیلە بی ،...هتد.</u>

<u>ڕاستی پێت ناڵێت کە: جەماوەر، خەڵک زۆر بە هێزترە لە سەرۆک، سەرۆکی هەرێم، سەرۆک وەزیر، سکرتێری حزبی،...هتد؛ ترسی ئەم بەرپرسانە یەک جار زۆرە. بۆ؟ چونکە دەزانن چەند پارەیان دزیوە، چونکە دەزانن تاڵانکردنی سەروەت، سامان و دارایی وڵات چۆنە، بۆ ئەو تاوانانەی جیاواز کە ئەنجامیان داوە و بەردەوامن، شەڕی براکوژی،...هتد؛ ئەم بەرپرسانە زۆر لاوازترن لەوەی کە دەردەکەون،...هتد. چۆن پێویستە کۆمەڵگا، شار، گوند، ئەندامی حزبی، هێزەکانی ئەمنی،...هتد، خۆی ڕێکبخات؟ چۆن فلان کەس؟</u>

هوشیار بارزانی گووت:" شیعە و سوننە مێژووی بەڕێوەبردنی بەغدا چۆنە، چی بو ئێوە ئاشکرا کردووە / دەکەت؟ ئایا جیاوازیەک هەیە لە نێوان سەروک کۆمار، سەرۆک وەزیر و وەزیرەکان لەگەڵ ئەوانەی پێشتر یان ئەوانەی کە خەریکە دەبن بە وەزیر و گوزیر؟ بەس بە شێوەیەکی

**. Artificielle**

هەموو ئەم قۆناغانە کە لە سەرەوە باسمان کرد خاڵەکانی هاوبەش، جیاوازی و تایبەتمەندیەکانی خۆیان هەیە، بە شێوەکانی جیاواز. بۆ بەڕێوەبردنەکە کە بەس بەرژەوەندی تائیفی، ئایینی، ئایدیۆلۆجیا وناسیۆنالیستی هێرشبەر، میلیشیای، شەخسی و خێزانی بەردەوامە سەرەڕای ئەوەی کە کارەساتی جیاوازی زۆر گەورە بو کۆمەڵگا دروست کردووە لە زەماندا؟ بۆ؟ ئایا جەماوەری شیعە و سوننە ئاگادارە یان نە کە سەرکردەکانی سیاسی و ئاینی شیعە و سوننە دونیای بەڕێوەبردنی تایبەتی خۆیان هەیە کە دروست بوویە لە ویژدانەکی سیاسی، دینی، ئابوری، پەروەردە، ڕێگاوبان، ئەمنی، سەنعەت و پیشەسازی، سایکۆلۆجی، میدیای، دادپەروەری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، دارایی، ...هتد، زۆر زۆرنزم کە ڕۆژانە دروست بوویە: - چۆن خەڵک زیاتر وابەستەی خۆیان بکەن، - چۆن جەماوەری شیعە وسوننە هەر لە ناو **inconscient** تایبەت دابن،

- چۆن ڕۆژانە چینی سیاسی و ئایینی عێراقی هەوڵ دەدەن سەرمایە و کاپیتالی جیاوازی خۆیان(مادی، سیاسی، دینی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، سەمبۆلیک)، بەهێزتر بکەن کە بە هیچ شێوەیەک کۆمەڵگا ئاگادار نییە.= یاری کردن و دەسەڵاتداری **mentale ,Ego**.-...هتد."

بارودۆخی ئێستای ئێوە بە ڕوونی و زۆر بە هێز ئەو خاڵانەی سەرەوە ئێسبات دەکەن. <u>ئایا کۆمەڵگای عێراقی ئاگادارە یان نە کە چینی سیاسی و ئایینی عێراقی زۆر زۆرخۆشحاڵ دەبن بە تەوقەکردن لەگەڵ فلان سەرۆک یان سەرۆک وەزیرەکی بیانی، بۆ؟ ئەم تەوقەکردن بۆیان زۆر گرنگە چۆنکە نە تەنها لە تەلەڤزیۆن جەماوەر دەبینیت، بەڵام لە هەمان کاتداهەست بە " گرنگی" خۆیان دەکەن کە خاوەنی یاسەوان، نوێترین مۆدێلی ئۆتۆمبێل، باشترین ئیمتیازاتی جیاواز و لە هەمووی گرنگتر ڕازی بوونەکی بێ سنووری**Ego et mentale** کە پێیان دەڵێت پاڕۆ دەشتە، کۆمەڵگا حەیوانە.</u>

بەڕێوەبردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن بوویە پاش دروست بوونی کونسێپتی نەتەوە-دەوڵەت تا ئێستا؟ چ جۆرە بەڕێوەبردنێک دەسەڵاتدارە و پێکهاتەکانی؟ ئایا بەڕێوەبردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی ئێڤۆلوسیونیزمەکی باش بوویە؟ مێژووی بەڕێوەبردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی بۆ جەماوەری ئەم هەرێمە ئاشکرا دەکەت؟ بێگومان خاڵەکانی هاوبەشی بەڕێوەبردنی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاترن لە جیاوازییەکان. چەند خاڵی هاوبەش: بەڕێوەبردنی ترس، توندوتیژی و شەڕی جیاوازی سارد و گەرم لەگەڵ جەماوەری خۆیان یان دراوسێکەیان؛ سایکۆلۆجی، تائیفی، ئایدیۆلۆژی، ئایینی؛ پاشایەتی، دیکتاتۆری، دیموکراسی توندوتیژی و ترس،...هتد؛ <u>دوو وشە کە زۆر موقەدەس و پیرۆزە: دەسەڵات و تیرۆریزم؛ کۆپیکردنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای غەربی بەڵام بە شێوەیەکی زۆر نزم، دزی و گەندەڵی شەرعی سەقەت و نەزان؛...هتد.</u>

وەک نموونە بەڕێوەبردن لە تورکیا چۆن بوویە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا؟ کۆپیکردنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای غەربی چۆن بوویە؟ بێگومان بەس لە بەرژەوەندی چینی سیاسی و عەسکەری دابوویە.= دیموکراسییەکی توندوتیژی، ترس و سەقەت کە تەنها لە ژێر ئایدیۆلۆجیایەکی هێرشبەردایە. ترسی بەردەوام، توندوتیژی جەستەیی و سایکۆلۆجی بۆ جەماوەری تورک و بە تایبەتی بۆ کورد چۆن بوویە؟ بۆچی، بۆ چینی سیاسی تورکی وشەی تیرۆریزم زۆر زۆر موقەدەسە؟ بەڕێوەبردنی تورکیا چۆن لە زەماندا بۆ خۆی زیندانەکی تایبەت دروست کردووە؟ وڵاتانی تر، جیهان چۆن تورکیا دەبینن؟ بۆ تا ئێستا کۆمەڵگای تورکیا زیندانی ئەم بەڕێوەبردنی توندوتیژی، ترس، ستەم و زوڵموزوریە؟ زۆر گرنگە هەدەیە لە هەر حاڵەتێکدا بەردەوام بێت لە کارەکانی و بەشداری بکات لە پرۆسەی سیاسیدا بۆ دروست کردنی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە، بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی عام. کۆمەڵگای تورکیا پێویستە ئاگادار ببێت و هەست بە ئەوە بەکات کە ئەم شێوەی بەڕێوەبردن (بەرژەوەندی شەخسی و حزبی، توندوتیژی و شەڕی جیاواز و بەردەوام،...هتد)، نە تەنها کاتی نەماوە بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی گشتی تورکیا نییە و وەک ئەوەیە کە عەرەبانەکە دەخاتە پێش ئەسپەکە. بێگومان بەڕێوەبردن لە تورکیا وەک عێراق بەڕێوەبردنەکی نەخۆشە بەڵام بە تایبەتمەندی و جیاوازیەکانی خۆیان.

بەڕێوەبردنی فکری و مادی(ئیمکانیاتی جیاوازی ئینسانی، دارایی، مەکان،...هتد) قەندیل چۆنە؟ باش ئاگادار بە کە بەرژەوەندی شەخسی وحزبی بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی عامی کۆمەڵگادا نییە. زۆر گرنگە کە خۆتان لە بەڕێوەبردنی زۆر تەسک، تەنگ، بچووک و شک ڕزگار کەن. چۆن قەندیل یارمەتی بڵاوبوونەوەی دزی و گەندەڵی دەکات لە کوردستانا عێراقە؟ هاوسەنگی کردارەکانت باش یان نێگەتیڤن؟ چۆن قندیل عەرەبانەکە دەخاتە پێش ئەسپەکە؟ پیرۆز بێت لە ئێوە. بێگومان قندیل وەک هەموو ئەکتەرەکانی تری ناوچەکە چ دەوڵی یان غەیری دەوڵی نەتوانی خۆی ڕزگار کەت لە عەقڵیەتی زۆر نزم و نەزانی بەڕێوەبردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. قەندیل تا کەی لە گوێی گادا دەخەویت.

لە کۆتاییدا هوشیار بارزانی گووت" کورد، عەرەبی شیعە، سوننە و مەسیحی بەهایەکانی بەڕێوەبردنی عێراق چۆن بوونە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا؟ بارودۆخی جیاوازی ئێستای کۆمەڵگا بە شێوەیەکی عام زۆر بە هێز وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. سوکانی بەڕێوەبردنی ماددی وفکری لە هەموو شار و گوندێکی عێراقیدا سوکانەکی ئۆتوماتیکە کە زۆر بە هێز لەژێر کۆنترۆڵی Ego and mental دایە = کۆیلەی پلە، پۆست، قازانجی ماددی جیاواز بە شێوازی دزی و گەندەڵی بێ سنووری شەرعی و خزمەت کردنی ئەکتەری دەوڵی بە شێوەیەکی شارەزا و دڵسۆز.

**De Nouri al-Maliki à Mustafa Al-Kadhimi et/ou Mohammed Shia al-Sudani en passant par l’ensemble de la classe politico-religieuse irakienne**

ئەم شێوەی بەڕێوەبردنی عێراق بە شێوەیەکی کارەساتانە و زۆر پیس شکەستی هێناوە و ئەم پرۆسەیە هەر لە سەرەتاوە خاوەنی جەوهەر و دینامیکەکی زۆر نزم بوویە کە پێکهاتەکانی بە کورتی: ئاو دانی خۆپەرستی، پاراستنی بەرژەوەندی شەخسی و ئەکتەری دەوڵی خارجی، حەیوان کردنی کۆمەڵگا، پاشایەتی کردنی شەرعی دزی، گەندەڵی و تائیفییەتە،...هتد. = ئاشکرا کردنی چۆنیەتی چینی سیاسی و دینی عێراقی. کۆمەڵگای عێراقی پێویستە زۆر باش ئاگادار بێت کە بەبێ ویژدانەکی بەرزتر کە بە هیچ جورەک لە ژێر کۆنترۆڵی مادی ومەتێریالیزمدا نییە، زۆر بە هێز و پیس سەرەتان لە دیوار دەدەن. کۆمەڵگا چارە چییە؟ بەردەوامی یاری کردن و بازرگانی کردنی تایبەت بە خۆتانە؟ ئایا ئەم وتارە زۆر باش وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە؟ ئەگەر هەر حاڵی نەبووی، خۆتان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە. = ساویلکاتی، نەزانین و ویژدانەکی زۆر نزم."

م. امین

*فڵان کەس لە ناو ئەم وتارە دا دوو سێ بابەتی تر هەیە کە دەتوانی لێکۆڵینەوەیەکی باش لە سەر بکەی و دەتوانی قووڵتر، ڕێکوپێکتر و بە یەک دوو شێوازی تر ئەم وتارە بنووسی.

**1-** ڕەنگە کەسێک بپرسێت بۆچی هەر باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەی و نە هەموو جیهان؟ نە دەتوانم و نە دەزانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام ئایا تۆ تەجروبەی چەکی ئەتۆمی و فڕۆکە هەڵگر لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کردووە(تەنانەت بۆ ١٥ سانیە)، کە ئەم چەکانە وەک یارییەک بۆ منداڵەکانی سێ ساڵێن؟

**2-** https://kcdme.com/M.%20Amin%2015.03.2021.pdf
**3-** https://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf